به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٢٤**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١١/١٢**

(( بــڕیـــار ))

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/١٢)یدا بە پێی حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمـارە (٩)ی سـاڵی (٢٠٠٠)
## یاسـای دابڕکـــردنی بەڕێوەبەرییـەکانی بەرگـری شـارسـتانی لە وەزارەتی ناوخـــۆ

**ماددەی یەکـــەم :**

دابڕینی بەڕێوەبەرییەکانی بەرگریی شارستانیی هەموو پارێزگاکانی هەرێم بە هەموو میلاك و ئۆتۆمبیل و ئالیات و جیهازو موڵك و مەرکەزی ئاگر کوژاندنەوەیانەوە لە وەزارەتی ناوخۆو ، بەستنەوەیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە لە رووی لایەنی فرمانی و هونەرییەوە .

**ماددەی دووەم :**

پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە هەمان روتبەو پلەی ئێستای فرمانەکەی خۆی دەبێت و یاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٧٨ی خزمەت گوزاری و خانەنشینیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بەسەردا دەخرێتە کار .

**ماددەی سێیەم :**

لایەنی دامەزراندن و ترقیە و خانەنشینی و دەست لەکار هەڵگرتنی کەسانی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بەڕێوەبەرییەکانی بەرگری شارستانیدا ، لە وەزارەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**ماددەی چوارەم :**

هەمان ئەو دەسەلاتەی کە بە پێی یاسای سزا سەربازییەکانی ژمارە (١٣)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٤٠ و یاسای ئوسوڵی دادگایی سەربازیی ژمارە (٤٤)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٤١ بە وەزیری ناوخۆ

www.moikurdistan.com

دراوه ، به وەزیـری شـارەوانی و گەشـت و گـوزار دەدریّ بـۆ سـزادان و بـه دادگـا دانـی ئەوانـەی لـه بەرێوەبەراییەکانی بەرگریی شارستانیدا سەر به هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن .

**ماددەی پێنجەم :**

هەر دەقێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایه بێ کاری پێ ناکرێ .

**ماددەی شەشەم :**

پێویسته وەزارەته پەیوندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایه بخەنه کار .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم یاسایه له رۆژی بلاّوکردنەوەی له رۆژنامەی وقایعی کوردستاندا ، دەخرێته کار .

**د . رۆژ نـــوری شـــاوەیـس**

**ســەرۆکی ئه نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێــراق**